# پەرلەمانی نوێی تورکیا ٥٢ ئەندامی ژن دەگرێتەخۆ..

## - بانگەوازێک -

* دارا ئەحمەد *

پارتی داد و پەرەپێدان لەم هەڵبژاردنەی دوایی پەرلەمانی تورکیا زۆرینەی رەهای بەدەستهێنا . کوردەکانیش بۆ یەکەمین جارە دەتوانن بەو رێژەیە بەشداریی لەپەرلەمان بکەن و پیرۆزباییەکی گەرمیان لێدەکەین ،لەلایەکی ترەوە دوای چەندین ساڵ لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا بۆ یەکەم جارە ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان بەشدار بن لە پەرلەمانی تورکیا کە ژمارەی ئەندام پەرلەمانی ژن لە پەرلەمانی ئەمجارەی تورکیا ٥٢ ژنە .. ئەگەر ئەو ژنانە بە هزری پیاوسالاریی پەروەردە نەبووبن و بتوانن دابونەریتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵ و حکومی کۆنەپەرستانەی دینیی لە کایە کۆمەڵایەتییەکان و ژیان بەگشتیی دوور بخەنەوە ئەوا بێگومان دەتوانن گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە بارودۆخی ژنان بکەن و زیاتر مافەکانیان وەدەستبهێنن .. هەرچەندە ئەمە وەک ئەوە وایە چاوەڕووانی ئەوە بکەی مریشک هێلکەی قاز بکا ، چونکە ئەو بارودۆخە دیموکراسیی و شێوە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەی لە تورکیا هەیە ناهێڵێ کۆمەڵە ژنێک بگەنە کەناڵەکانی دەسەڵات کە بتوانن وەک ژنانی ئازاد و سەربەخۆ و بە شێوەیەکی ریشەیی بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان بکەنەوە .. بەڵام ئێمە رووی دەممان لەو چەند ژنە کوردەیە کە ئەمجارە کورسی پەرلەمانیان وەدەستهێناوە و ئەوان هیچ نەبێ لەنێو بارێکی شۆڕشگێڕیی نەتەوەکەی خۆیاندا دەژین بۆیە دەکرێ هیوایەکمان پێیانهەبێ و بڵێین : رەنگە ئێوە زۆربەتان ئەوەندەی بیر لە کێشە نەتەوایەتییەکەتان وەک نەتەوەکی چەوساوە و نیشتمانداگیرکراو دەکەنەوە زۆر زۆر کەمتر لەوە بەلای کێشەی ژنان دابچن .. دیارە ئەوە مافی خۆتانە و مافی هەموو کەسێکە خەبات بکا ستەمی نەتەوایەتیی لەسەر نەتەوەکەی برەوێنێتەوە و نیشتمانەکەی رزگار بکا .. بەڵام فەرامۆشکردنی کێشەکانی ژنانیش لە لایەن ئێوەوە - کە ئێستا پێتان دەڵێن نوێنەری خەڵک بەگشتیی و نوێنەری ژنان بەتایبەتیی - جگە لەوەی هەر بۆ خودی خۆشتان بە زیان دەگەڕێتەوە و درێژە بەو کۆیلایەتییە دەدا کە تائێستا تێکڕای ژنانی کوردی داگیرکردووە و لەهەمانکاتیشدا دەبێتە لەکەیەکی شەرمەزاریی بۆ مێژووی دوارۆژتان و نەوەکانی داهاتووش لێتاننابوورن .بۆیە چاکترە تا بۆتان دەکرێ بتوان وەک پۆڵە ژنێکی هۆشیار و خەباتکار جگە لەکۆششە نەتەوایەتییەکانتان ببنە سەرتۆپی بزاڤێکی ئازادیخوازانەی ژنان و بەلایەنی کەم بتوانن ئەو هەموو رەشەکوژیی و بێمافییانەی دەرهەق بە ژنانی کورد دەکرێن کە ئێستا لە هەموو ناوچەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەڕێوەدەچن و لە هی هەر میللەتێک زۆر زۆر زیاتر و دڕندانەترن بوەستێنن و هیچ نەبێ هەنگاوێک زیاتر ژنان لە دوا ئامانجەکانیان کە یەکسانییە بە پیاوان لە هەموو رووێکەوە نزیکتر بکەنەوە .

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image